گوڤارا زانكويا زاخو، پەربەندا:1(B)، ژمارە:2، بپ 93-111، 2013

# خوێندنەوەیەکی ئامانجەکان بۆ دەقەکانی قورئان
# ( ڕووێکی تر لە ئیعجازی قورئانی پیرۆز )

هێمن عزیز برایم
بەشی پەروەردەی ئاینی، سکوڵی پەروەردە، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان –ئیراق.
***((ڕۆژامەندیا بەلاڤکرنێ : 15 تەباخێ 2013))***

## پێشـــــەکی

**ئامانجەکان ( مقاصد ) بریتین لەو هۆکارانەی کە ڕەچاو کراوون لە دابەزاندی شەریعەتی ئیسلام و تێکڕای دەقە ئاسمانیەکانی تر بە گشتی ، هەر ئەو ئامانجانەش بریتین لە نهێنی پابەند کردنی بەندەکان بە یاساو دەقەکانی شەریعەت ، واتە ئامانج لە بوونی دەقی ئایینی ئەگەر زەحمەتیش بێت بەلاّم هۆکاری فەراهەم هێنانی کۆمەڵێ لە بەرژەوەندی گشتین، کە وەکو بنەمای شارستانی و خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی و ڕاستەرێ بوونی ژیان هەژماردەکرێن ، مەبەستەکان بە پێی کلتورو پێشکەوتنی کۆمەڵگا گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و قاڵبی ناوچەیی وەردەگرن ، هەر ئەمەشە پێویستی و بەردەوامیەتی دەقی ئایینی بە سەنتەر دادەنێت لە نێو مرۆڤەکاندا ، بەمەش ئەو زانستە لە دوو توێی باس و خواسی ئەفسانەیی دەردەچێت و دوو سیفەتی جیاواز لە یەکتر وەردەگرن ، کە هێندێکی گۆڕاوون و بە پێی قاڵبی ژیارەوە شاشی و پەستان وەردەگرن ، هەندێکی تریان بە هیچ جۆرێك گۆڕان وەرناگرن و لە قاڵبێکی تایبەتی چەسپاودا داڕێژراوون ، ئەمەش ڕێك و ڕاستە لەگەڵ خواستەکانی مرۆڤ لە دونیادا ، چونکە چەندان پرەنسیپ هەیە کە بە گۆڕانی نەتەوەو زبان و کلتور ناشڵەژێن ناوو ناوەڕۆکیان یەك خشتیە ، لەوانە بۆ نمونە دادوەری و یەکسانی و ئازادی ، کۆمەڵێ چەمکن هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە شتێکی ناچاری و مەرجین بۆ هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان ، بۆیە شکاندنی ئەم چەمکانە و قۆرخ کردنیان بۆ مەبەست و بەرژەوەندی تایبەتی تاك لایەنە لە هەر خاکێك بێت و لە ناو هەر نەتەوەیەك بێت ئەوا نایەکسانی و خراپەکاری بلاّوە دەکێشێت و پارچە پارچەیی گەشە دەکات و متمانە سەنگی گرینگی ئەو تۆی نامێنێت ، بەمەش تاك و کۆمەڵگا و دەوڵەت پارسەنگی لەق دەبێت و ئاراستەکەی بەرەو خواروو هەڵدەشێوێت .**

خـــاڵێکی زۆر گرینگـــی زانســـتی ئامانجـــەکانی شـــەریعەت بریتیـــە لـــە دۆزینـــەوەی بەرژەوەندییـــە گشتیەکان و خستنە کاری تێکرای هۆکارەکانە و بە کاراکردنی کردنی تێکڕای کەناڵەکانە بۆ ئـەو مەبەستە، گـەورەترین کێشـە لـە ڕووی هزریـەوە لـەو سـەردەمەی ئەمرۆمانـدا بریتییـە لـە چـاك تێنەگەیشـتنی دەقـە ئاینییـەکان و نەدۆزینـەوەی بەرژەوەندیە گشتیەکان ، بـەڵکو لـە سـۆنگەیەوە بتوانرێت تێکـڕای تواناکـان کۆبکرێتـەوەو ئـاین بکرێتـە هۆکـاری پێشـکەوتن و مەدەنییـەت و شارستانی لە تێکڕای بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، نەوەك تەنها لە دوو توێی هـزردا بمێنێتـەوەو نـامۆ بێـت بـە واقعـی کردەییـەوە، یـان لـە لایـەنی کۆمـەڵێکی نـەوازەوە بارمتـە بکرێـت، وە بـە

مەبەستی دەستهەڵات و بەرژەوەندی تاکیەوە بە کاربخرێت، بەمەش ئەتوانرێت بووترێت کە خوێندنەوەی مەقاسیدی و مەبەستەکان بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز، دیۆیکی تری ئیعجازی قورئانی پیرۆزە، چونکە دەقەکان بە بێ گۆرانکاری، ئەتوانرێت بە چەندین شێوازی جیاواز جێبەجێبکرێن و مەبەستە سەرەکیەکان بهێندرێنە دی.

ئەو توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو راستیەو، بەتاڵ کردنەوەی چەندین گومانی ناحەزان لە سەر قورئانی پیرۆز و ، وەڵامدانەوەیەکی ئامانجییە ۆ چۆنیەتی راڤەکردنی دەقەکانی قورئان و روانین لە فەرمانەکانی خوای گەورە .

ئەو توێژینەوەیە لە دوو تەوەرە پێك هاتووە، لە تەوەرەی یەکەمیان گرینگترین لایەنی زانستی ئامانجەکان (المقاصد) روون کراوەتەوە، وە لە تەوەرەی دووەمدا لە چەند بەشێك و روانگەیەکەوە خوێندنەوەی ئامانجەکانی(مەقاصیدی) بۆ قورئانی پیرۆز روون کراوەتەوە، وە چەندین بۆچوونی هەڵەو گوماناوی بەتاڵ کراوەتەوە .

## تەوەرەی یەکەم

## پوختەیەك لەسەر ئامانجەکانی شەریعەت

**زانستی مەقاصید ( ئامانجەکان یان مەبەستەکان ) :**
(مقاصد): لە زمانەوانیدا لە ووشەی (قەصد) وەرگیراوە کە بە چەند واتایەکی تا رادەیەك جیاواز دێت لەوانە چوون بەرەو شتێك ، راستەرێ بوون، مام ناوەندی لە هەڵس و کەوت، دادوەری، شکاندن، زاڵ بوون، بەڵام لە بنچینەی زمانەوانی ووشەی (ق، ص، د) بە واتای رشت بوون و رووکردنی شتێکە بە ئاستێکی مام ناوەند[١].

**لە زاراوەی زانایانی بنەماکانی تێگەیشتن** ( أصول الفقه):
بریتییە لە زانین و دەرك کردن بە مەبەست و خواست و ئامانجی هاتنی شەریعە لە ئاسمانەوە بۆ مرۆڤەکان، واتە لێکۆڵینەوە دەگەیەنێت لە گرینگترین رازەکانی دەقەکانی شەرع، ئایا بۆچی هاتووە ؟ وە بۆچی داوای کارێك لە مرۆڤەکان دەکات ؟ وە بە چ رێگایەك دەیانبەستێتەوە ؟ وە ئایا هەموو دەقەکان لە یەك ئاستی داواکاریدان بە مەبەستی ئەنجام دانی کارێك لە لایەن مرۆڤەوە؟[٢].

**گرینگی و ناوەرۆکی ئەم زانستە :**
زانستی مەقاصد پایەیەکی گەورەی هەیە لە نێو زانستەکانی شەرعی و یاساییدا، چونکە کەم و زۆر لە نێو هەموو زانستەکاندا جەوهەری وەرگرتووو گیانی بابەتەکان پێك دینێت، ئەگەر زانستەکان گشتی لاشەی شەریعە پێك بێنێت ئەوا مەقاصد بە تەنها بریتییە لە سەرچاوەی هێزو گیانی، چونکە تەواوی دەقەکانی شەریعە بۆ مەبەستێکی دیاری کراو دابەزێنراوە هەروەکو دەقەکانی یاسا بۆ مەبەستێکی دیاری کراو چوارچێوەی یاساییان وەرگرتوە ، ئەو مەبەستەش بریتیە لە خزمەت بە مرۆڤ و پڕ کرنەوەی

بۆشاييەكان لە نێو هەموو پێكهاتەكانی ژیانی ، شەريعە هاتووە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی ببەخشێتە مرۆڤ و بيكات بە سەرتۆپی دروستكراوەكان و سەركردايەتی ئەم جيهانە بەو بسپێرێت، ئەمەش بە نمرەی يەكەم دەكرێت كەرەسە خاوەكان لە گيان و ئەوديوی دەقەكانی ئاين وەربگيرێت و بكرێت بە نەخشەی رێگا بەرەو سەركەوتنی فكری و هونەری و كلتوری و شارستانی[٣].

زانستی پەيدا كردن بە بنەماكانی مەقاصد و چۆنيەتی هەڵهێنجانی لە دەقەكان قورسايەتيەكی تايبەتی هەيە بۆ كەسێ كە بيەوێ شەريعە وەكو ئەوەی خودا دەيەوێت جێبەجێبكات و لە خزمەت پرسە گرينگەكانی واقع بە كاری بێنێت ، كەواتە تێگەيشتن لە مەقاصد و خواستەكان گرينگی تايبەتی هەيە بۆ[٤].

١- تێگەيشتنی گشتی و بناغەيی لە دەقەكان، چونكە دەق وەكو تێكستێك هيچ گيانێكی لەبەر نييەو ناتوانێت خۆی رۆڵی پێشەنگ بگێرێت، واتە دەق نوسراوێكی بێ گيان و جوڵەيە، ئەوەی جوڵەی پێ دەدات و دەيهەژێنێت بريتييە لە عەقڵی مرۆڤەكان كە ئاوێتەی پێداويستيەكانی واقع بوونە، واتە ئامرازی شيتەڵ كردنی دەقەكان و چەندايەتی و چۆنايەتی لە ناخی عەقڵی مرۆڤ رواوە، زانستی خواستەكان نەخشەو پلانە بۆ گەيشتنی عەقڵی مرۆڤەكان بە تێگەيشتنێكی ساغ و دروست بۆ دەقەكان كە بەجۆرێك بێت كەمترين سەلبيانی مەيدانی لێ بكەوێتەوە .

٢- زانستی ئامانجەكان ( علم المقاصد ) دوای خزمەت كردنی عەقل بە تێگەيشتنی دروست، چۆنيەتی جێبەجێكردنی ئەو دەقەش رۆشن دەكات لە واقعدا، هەردوو تەوەرەی ئيجابيات و سەلبيات لە رووی مەيدانيدا دياردەكات مەقاصد لێرەدا وەكو رێنوێنی كەرێك و سەرپەرشتيارێك دەوری پێشەوايەتی دەبينێت، چونكە ئەوەی زۆر گرينگە لەو خاڵەدا ئەوەيە ئەم زانستە رێنوێنی جێبەجێكردنی دەقەكانمان بۆ روون دەكاتەوە، بە ئەندازەيەك بە هەر دوو باڵی تێگەيشتنی راست و چۆنيەتی راپەراندن دەتوانرێت مەبەستی خودا لەو دەقە شەرعيەدا بزانرێت

**زانستی ئامانجەكان و پەيوەندی بە پلان و نەخشە دارشتنەوە:**

ئاقاری ئەم زانستە لەسەر دەقەكانە، دەقەكانيش لە رووی پێكهاتەوە وەڵامی دوو پرسن، چۆن ئەم دەقە راپەرێنين ؟ وە بۆچی پێويستە جێبەجێبكرێت؟ لە وەڵامی يەكەمدا دەقەكان لە نێو خودی خۆيانەوە رێگا دەردەخەن واتە (وسيلەن) بۆ ئامانجێك ، لە وەڵامی پرسی دووەمدا دەقەكە ئامانجێكی راستەخۆ يان ناراستەخۆ لە خۆی دەگرێت بۆ روپامايی مرۆڤەكان و يەقين بونيان بەوەی كە دەقەكانی شەريعە بۆ مەبەستی خزمەت بە مرۆڤ دابەزێنراوون، كەواتە دەق بريتيە لە كۆی نەخشەو ئامانج، لێرەدا پێويستە پرسيارێك بكەين ئايا وەكو ئەوەی كە داوا لێكراوين ئامانجی دەق

لەبەر چاو بگـرین ئـاواش پابەنـدین بـە نەخشـەو وسـیلەی دیـاری کـراو؟؟ یـان دەتـوانین هـەر رێگایەك بێـت بگرینـە بـەر، گـرینگ وە دەسـت خستنی ئامانجەکەیـە نـەك پابەنـدی بـە نەخشـەی دیاری کراو ؟؟

گرینگـی و بایـەخی ئـەو زانسـتە لەوەدایـە ئـەو تەوەرانە روون دەکاتەوە کە پێویستی پابەند بـوون دەسەلمێنێت بە ئامانج و نەخشەی رێگاکە، وە ئەو تەوەرانە دەداتە بەر دیدی عەقلّی مرۆڤـەوە، واتـە مرۆڤەکان دەتوانن بە پێـی پرنسـیپ و رەهەنـدی کلتوری و فەرهەنگی تایبەتی خۆیان بەرەو ئامانجی داوالێکراو بچن و بیکەنە تەوەرەی کار کـردن و راپەراندن لـە ژیانیانـدا، هـەنگاوە سیاسـیەکان و ئابووریەکان و کۆمەلآیەتییەکان لێـردا پێویسـتیان بـە نەخشـەو پلانـی جۆراجـۆری هـزری مـرۆڤ دەبێت، ئەمەش لە نزیکەوە واتای خزمـەتی مـرۆڤ دەگەیـەنێت، چـونکە تـاکی مـرۆڤ لـە مەیـدانی کردەییدا عەقلّی دەخاتە کارو کەم و کورتیەکانی ژیان و نەتـەوەو میللـەت وەکـو خـالّی لاواز و نـەخۆش سـەیر دەکـات و لـە سـۆنگەی دیـوی دواوەی دەقەکانـــــەوە هەولـّـــــدان بـــــۆ چارەســـەرکردنیان وەکـــو ئـــەرکێکی پـــیرۆزو موقەدەس دەزانێت، بۆیە مرۆڤـی زانـا و دانـا بـە زانستی مەقاصد هەردەم شـتە نوێکـان و نەخۆشـە جۆراوجۆرەکانی واقع دەخاتە ناو بۆتەی دەقەکان و لـە ئاسـۆیانەوە بـۆ تیشـکێ دەروانـیٚ کـە کاردانەوەی ئاسودەیی تیابێت بـۆ عـەقلّ و هـزرو بیری مەردمەکان، بەو راستیەش ئـەوە دەسـەلمێت کە دەق لـە چەند لایەنێکی دیـاری کـراو نـەبێت وەکو پەرستش (عبادات) ئەگینا لـە شوێنەکانی تر دەق و عەقلّ بەیەکەوە دەتوانن خزمـەتی گـەورە بکـەن و نهـێنی دابـەزینی شـەریعە لـە ئاسـۆدا دەرکەوێ، ئەگینا مرۆڤەکان لە رووبەروبونـەوەی ژیاندا تووشی چەندەها دەردەسـەری و نەهامـەتی دێن لە کاتێکدا ئەگەر دەقەکان جیاوازی کلتورو زبان و فەرهەنگ و شارستانیەتی جۆراوجۆر لـەبەر چاو نەگرن [٥].

**زانستی ئامانجەکان و کلتورە جیاوازەکان :**

لەســـەرەتای دروســـت بـــوونی مرۆڤەکانـــەوە، جیاوازی لە بیر کردنەوەو کلتـورو شارسـتانی و فەرهەنگی و رۆشنبیری و ....ئەوانی تر یەکـەمین خەسـلّەتی سروشـتین، بـەواتای مرۆڤـەکان لـە سـەرەتای دروسـت بوونیـان خەسـلّەتی جیـاواز بوونیان تێدایەو ناکرێت بیر لە یەکخستنی تێکڕای مرۆڤـەکان بکرێتـەوە، چـونکە ئەمـە شـتێکە لـە دەرەوەی سـنووری ئـەو دایـەو دەتـوانین بلـّـێین خوارِسکە، لەبـەر رۆشـنایی ئـەو راسـتیەوە ئـەی چـۆن دەکرێـت تێکـرای نەتـەوە جیاوازەکـانی ئەمرۆمان بە ئیسلام ببەستینەوەو بلـّـێین شـەریعەتی ئیسلام بۆ هەموو نەتەوەکانـە بـەبیٚ جیـاوازی ؟؟ بێگومان لێرەدا زانستی خواستەکان دەور دەبینێت وەکو بناغەیـەکی پتـەو بـۆ راڤـەکردنی دەقـەکان سـوودی لێوەردەگیرێـت بـە لەبەرچـاوگرتنی کلتـورو فەرهـەنگی جیـاوازی میللـەتان ، واتـە دەکرێت هەر ناوچەیەك بـە پێـی جیـاوازی بـاری

رۆشنبیری و شارستانی خۆی دەقەكان هەڵسەنگێنێت و بیخاتە باری جێبەجێكردنەوە(٦).

**قۆناغەكانی سەرهەڵدانی زانستی ئامانجەكان :**

دەتوانرێت سەرهەڵدانی ئەم زانستە بۆ چەند هەنگاوێك دابەش بكرێت :

یەكەم / سەرەتای ئیسلام كاتی پەیامبەر (د خ) لە نێویاندا بوو ئەو زانستە بە بێ ناونیشانێكی جیاواز زۆر هەمەلایانە كاری پێدەكرا، ئەگەر سەیری رێبازی حەزرەت بكەین دەبینین فەرمودەیەكی فەرمووە، لە شوێنێكی تر یان دوای زەمەنێكی تر فەرموودەكەی بە جۆرێكی تر ووتووە كە پێچەوانەی ئەوەی پێشووی بێت ئەمەش عەینەن زانستی مەقاصیدە، كە واقعەكان بە دەقێكی تایبەت نابەستێتەوە، بەڵكو هەندێ جار لە دەرەوەی دەقەكانەوە كار بە چەمكی تر دەكرێت، بۆ نموونە دوای رێگەنەدان بۆ ژنان كە بچن بۆ سەر گۆڕی مردوان، دواتر رێگەیان پێ درا، وە مەبەستەكەش دەرخرا كە رۆژی پەسلانیان بیر دەكەوێتەوە(٧).

دووەم / دوای سەردەمی خەلیفەكانی راشدین ئاراستەیەكی سەری هەڵدا، بریتی بوو لە توێژینەوەو راڤەكردن دەقەكانی شەریعەت پێی قوتابخانەی جیاواز و نەخشەو پلانی جۆراوجۆر، لە نێویاندا ئەو زانستەش گرینگی زۆری پێدرا لە ژێر ناونیشانی هۆكار یان نهێنی یان حیكمەتی شەریعە.

سێیەم / قۆناغی دەركەوتن و پێگەیشتن و دابەشكردن لێرەوە دەست پێدەكات، مەقاصد بوو بە بەشێكی هەرە سەرەكی بنەماكانی شەریعە، وە دابەش بوونی وەرگرت بۆ (مەقاصیدە هەرە سەرەكیەكان، مەقاصیدە پێویستەكان، مەقاصیدە جوانكاریەكان) لە راستیدا ئەم شێوە باس كردنە یەكەمین جار دەگەرێتەوە بۆ زانای بە ناوبانگ ئیمامی حەرەمەین لە كتابە بەناوبانگەكەی (البرهان) وە زانای ناودار پێشەوا غەزالی لە هەر دوو كتابەكەی (شفاء العليل ) و(المستصفى).

چوارەم / ئەم قۆناغە بە قۆناغی كامڵ بوون و سەربەخۆ بوون دەناسرێتەوە، واتە لێرەدا ئەم زانستە بوە بەشێكی سەربەخۆ وەكو تێكڕای زانستەكانی تری شەریعە، و بوە جێگای لێكۆڵینەوەی زۆر قوڵ و فراوان لە لایەن زانایانەوە، بەم هۆیەوەش چەندان لق و پۆپ و تەوەرەو ناونیشان و بواری تری لێ هاتە كایەوە، وە پەیوەندی هەمیشەیی لەگەڵ زانستەكانی تر پەیدا كردوو بوە بە جێگای سەرنجراكێشانی زانایان بە تێكرا، لەو سەردەمەدا ئەوەی زیاتر دەستی رەنگینی هەبێت لە پێشكەوتنی جۆری ئەم زانستە ئیمامی شاتیی (٧٩٠ ك وەفاتی كردووە) بوو بەشی دووەمی كتابەكەی كە ناوی (الموافقات) و تەرخان كردووە بۆ ئەو زانستە و ئەوەی لە پێش خۆی ووتراوە بە بچڕپچڕی ئەو هاتوە كۆی كردیتەوە لەگەڵ خستنە سەری زیادەیەكی كەلامی، وە دوای ئەویش كە دەورێكی زۆر باڵاترو گەورەتری بینی لە پێش

خستنی ئەو زانستەو ، مەقاصیدی گەیاندە نێو هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و تێکەڵی بواری سیاسی و ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی و زانستی و فەرهەنگی و کلتوری جیاوازو ئابووری و کۆمەڵایەتی کرد ئەویش ئیمامی محمەد تاهر کوری عاشوری تونسی بوو (۱۹۷۳ ز کۆچی دوایی کردووە) لە کتابە بەناوبانگەکەی خۆی ( مقاصد الشریعة الاسلامیة)(٨).

**گرینگترین جۆرەکانی ئامانجەکان( انواع المقاصد)** (٩):

به پێی جۆری كارەكانی پەیوەست بە مرۆڤەكانەوە خواستەكان دەكرێن بە سێ بەشی گرینگەوە :

**١– ئامانجە هەرەسەرەكیەكان** ( المقاصد الضروریة):
نەبوونی ئەم ئامانجانە لە هەر نەتەوەو هۆزێك بێت دەبێتە مایەی نەهامەتی و سەرگەردانی و تێكچوونی شیرازەی ژیان و پەراگەندەبوونی مرۆڤەكان، وەكو خواردن و خواردنەوە بە ئاندازەیەك، وە زانست و زانیاری پێویست، وە ئازادی و دادوەری و یەكسانی نێوان مرۆڤەكان، بە گشتی ئەم ئامانجە سەركییانەش خۆی لە پاراستنی ئەمانەی خوارە دەبینێتەوە:

یەكەم / پاراستنی ئایین : ئایین هۆكارێكی هەرە گرینگی پێكهێنانی كەسایەتی مرۆڤەو هاوسەنگیە لە نێوان روح و لاشەدا، بۆیە بەشێكی هەرە سەرەكی مەقاصد گرینگی دانە بە ئاینی تاك و كۆمەڵگا پاراستنیەتی لە نەبوونی ئازادی و روشاندنی پیرۆزیەكانی دەق .

دووەم / پاراستنی گیان ( النفس ) : بە دانانی بەرنامەی تۆكمەو هەمەلایەن هەم بۆ بنیاتنانی گیانێكی بەرزو كەسایەتیەكی راست و دروست، هەم بۆ پارێزگاری لێكردن لە رەهەندە نەرێیەكان.

سێیەم / پاراستنی عەقل : بە دانان و رێكخستنی نەخشە و فرمانی وا كە عەقل پارێزراو بێت لە تێكشكان و نەگێرانی دەوری پێشەوایەتی .

چوارەم / پاراستنی سامان : بریتییە لە گرینگدان بە سامان و چۆنیەتی كاركردن و وەست هێنانی و بە گەڕ خستنی لە بواری خزمەتگوزاری تاك و كۆمەڵگا، وپاراستنی موڵكایەتی و خاوەنداریەتی مرۆڤەكان بۆ موڵك و ماڵ و سامانیان .

پێنجەم / پاراستنی نەوە ( نسل ) : بریتییە لە رێو رەسمی گونجاو بۆ نانەوەی وەچەی رێك و مانەوەی رەچەڵەك و پاراستنی و نەمری بۆی .

**٢– ئامانجە پێویستەكان** ( المقاصد الحاجیه ) :
بریتییە لەو خواستانەی كە لە ژیانی مرۆڤ دەوری دووەمیان هەیە لە گرینگی و تەرازووی بایەخەوە نەبوونیان ژیان ناخەنە تەنگژەوە، بەڵام جۆرێك لە زەحمەتی و قورسی بەسەر دادێت، وەكو گرینگی دان بە رێگاو بانەكان.

**٣– ئامانجە جوانكاریەكان** (المقاصد التحسینیة):
بریتین لەو خواستانەی كە نەبوونیان مایەی تەنگژەو قورسی و سەختی نییە بەڵام بوونیان جۆرێكە لە جوانكاری و نەخشاندن وەكو

رازاندنـــەوەی شـــەقامەكان و دروســـت كردنـــی پاركی جۆرارجۆرو ....... هتد .

**تــــــــــەوەرەی دووەم**

## تێروانینی ئامانجەكان بۆ قورئانی پیرۆز

لە تەوەرەی یەكەمدا باسمان لە چەمكی مەقاسیدی شەریعەت كرد ، وە گرینگی ئەو زانستە روونكرایەوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، لێرەدا بە پێویستی دەزانم كە لەو دیدەوە بە تێروانینێكی ژیرانەو زانستیانە بڕوانینە قورئانی پیرۆز ، ئەو پەرتوكە ئاسمانییە دابەزیوە بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی ببەخشێت بە تێكرای مرۆڤەكان و بەختەوەری دنیاو دوارۆژیان بۆ دابین بكات، لە تێكرای ئەو ئاستە جیاوازانەی كە نێوەرۆكی ژیانی ئادەمیزادیان پێك هێناوە ، ئەوەی ئەكرێ بوترێت مەقاسیدی شەریعە – كە دارێژراوە لەسەر بنەمای زانین هۆكار و حیكمەتی دەقە پیرۆزەكان – هۆكارێكە لەو هۆكارە پر بایەخانەی كە ئەو راستیە دەردەخەن و هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵ پێش وەچوونی، قورئانی پیرۆز زیاتر و زۆرتر گەورەیی خۆی دەردەخات و دەسەلێنی كە پەیامێكی گشتگیرەو هەموو سەردەمەكان و كلتورو فەرهەنگە جیاوازەكان ئەگرێتەوە .

ئەوش ئەمان گەیەنێتە ئەو راستیەی كە پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان مەقاسیدی شەریعەو چەمكی ئیعجاز، چونكە ئەگەر ئیعجاز بریتی بیت لە دەرخستنی گەورەیی قورئان بێت لە رووی هاتنی چەندان دەقی زانستی و، دارشتنی بە زمانێكی پر لە رەوانبێژی و، دەستەوەستانی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو لە هەموو ئاستەكان لە بەرامبەریدا، ئەوا مەقاسیدیش ئەو دەردەخات كە ئەو قورئانە بە زمانێك و دەربرینێك دارێژراوە، كە مایەی سەرسامیە و تاكو ئێستا هیچ دەقێكی دنیا لە بەهێزترین دەستور و یاساو پەیماننامەكانی مرۆڤایەتی نەبوەو ناشبێت، چونكە دەقەكانی قورئان جیا لە دەستورو یاساكانی دنیا پێویستی بە هەموار كردنەوە نییە، بەڵكو بنەمای دەقەكانی وا دارێژراوە بە رەچاو كردنی مەقاسید، تێكرای كلتورە جیاوازەكان و فەرهەنگە جۆراجۆرەكان بگرێتەوەو، پشكی شێر بگرێتەوە لە تێكرای ئەو بوارانەی كە بەختەوەری مرۆڤی پێوە بەستراوەتەوە.

هەموو دەستورو یاساكانی دونیا ، ئەبێ لە ماوەی چەند سالێك چەندین هەموارو گۆرانكاری بگرێتە خۆی ، بەڵكو یاسا ناسـان بتـوانن چـوار دەوری ئـەرك و مافـەكانی تـاك و كۆمـەڵگا بگـرن و ، هاوســەنگی نێوانیـــان بپـــارێزن ، لەســـەروی ئەمەشـــوە توشـــی چـــەندین گـــرفتی جۆراجـــۆرو كێشەو ئاستەنگی وا ئەبنەوە ، كە رەنگـە زۆر بـە زەحمەتیەوە بتوانن بـەرەو رووی بوەسـتن و رێگـە چارەی بۆ بدۆزنەوە ، كەچی قورئـانی پـیرۆز بـە تایبــەت ئــەو ئایەتانــەی كــە دەقــن لــە حوكمــە شەرعیەكان ، بە شێوەیەك دارێژراوە كە بتوانرێت لە چەندین لاوە تێروانینی بۆ بكرێت و بگەین بەو مەبەستەی كە ئایەتەكەی بۆ دابەزیوە ، ئەوەش بـە بێ لێل بوونی بنەما سەرەكیەكانی و دەرچوون لە نــاوەرۆكی حــوكمی ئایەتەكــە ، ئەگــەر ئــەوە

بەلگەيەكى بەهێز بۆ چەند شتێك ، ئـەوە يەكێكـە لــە گـەورەترين بەلگـەكان لەسـەر ئيعجـازى ( پـەرجوى ) قورئـانى پـيرۆز ، بـەو واتايـەى كـە دەقێكە زۆرترين راڤـەو بوچـوون هەلـدەگرێت و بە چەندين شێواز ئەكرێت پيـادە بكرێـت ، بـەبێ ئەوەى لە جەوهەرەكەى دوور كەوينەوە .

## بەشى يەكەم

## مەبەسـتدارى قورئـانى پـيرۆز بـە هۆكـارو حيكمەت .

لە بەدواداچونى دەقەكانى قورئانى پـيرۆز دەردەكەوێت كە ، زۆرينەى شەريعەتى ئيسـلام – كە سەرچـاوە سـەرەكيەكەى بريتيـە لـە قورئـانى پيرۆز – هۆدارن بە هۆكارو مەبەست و حيكمەتى جۆراجـۆر ، ئـەوەش ئيعجـازێكى تـرى قورئـانى پيرۆزە ، چونكە بەوەوە بەردەواميـەتى شـەريعەى ئيسلام ئەچەسپێ ، وە دەرئەكـەوێ كـە گونجـاوە لەگەڵ مەبەستە ويستراوەكانى مرۆڤەكان ، چونكە لە هەر شوێنيك ئەو هۆكارو حيكمەتە هەبوو كـە ويســتراوە وە داواكــراوە ، ئــەوا لــەو شــوێنە شەريعەتى ئيسـلام رۆلـى پێشـەنگى دەگێرێـت و حوكمى خوا لەوێوە تيشك دەداتەوە ، هـەر لـەو سونگەيەوە ئيمامى ابن عاشور دەلێت " لنا اليقين بـأن احكـام الشـريعة كلهـا مشـتملة علـى مقاصـد الشارع ، وهي حكم مصالح ومنافع ، ولذلك كان الواجب على علمائها معرفة علل التشريع ومقاصده ظاهرها وخفيها"(١٠). واتــە " دلنياييمـان هەيـە كە حوكمەكانى شەريعە بە گشتى پێكهـاتوون لــە مەبەستەكانى شارع (خواى گەورە ) ، كە بـريتين لە حيكمەت و بەرژەوەندى و سـودەكان ، هـەر بۆيە پێويستە لەسەر زاناكانى ، زانينى هۆكارەكانى شــەريعەت ، وە مەبەســتەكانى لـــە ديـــارو ناديارەكان".

هەر لەو بابەتەوە ئيبن القيم دەلێت:"إنه سبحانه حكيم لا يفعل شيئاً عبثاً ولا لغير معنى ومصلحة وحكمة ، هي الغاية المقصودة بالفعل ، بل أفعاله سبحانه صادرة عن حكمة بالغة لأجلها فعل كما هي ناشئة عن أسباب بها فعل ، وقد دل كلامه وكلام رسوله على هذا"(١١). واتــە " خــــودا پاك و دانايە هيچ شتێكى نابەجێ ناكات ، وە هيچ شتێ بە بێ مەبەست و ئامانج ئەنجام نادات ، ئەمانەش بريتين لە مەبەستى ويستراو ، بەلكو كردەكانى خواى گەورە سەرچاوە دەگرێت لە حيكمەتێكى بەرز كۆمەلێ هۆكار هەر لەبەر ئەوەش ئەنجامى داوە ، بە راستى قسەكانى خواى گەورە وە پێغەمبەرەكەى بەلگەن لەسەر ئـــــەوە " .

هەروەها وتويـــەتى:" إن كل ما خلقه وأمر به : فله فيه حكمة بالغة ، وآيات باهرة لأجلها خلقه وأمر به"(١٢). واتـــە : هەر شتێك خواى گەورە دروستى كردبێت و فەرمانى پێ كردبێــــت ئەوەى حيكمەتێــكى بەرز نيشانەى مەزن هەن ، كە لە پێناو ئەوانەوە دروستى كردوون و فەرمانى پێ كردوون .

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە تەواوی فەرمانەکانی خوای گەورە بۆ بەندەکانی بە مەبەستی ئازار و مەینەتیان نییە ، بەڵکو بۆ بەرقەراربونی بەختەوەری و خۆشگوزەرانییە ، بە بەڵگەی ئەوەی لە چۆنیەتی جێ بە جێکردنی ئەرکەکان ئاسۆیەکی فراوان هەیە ، بەڵکو تەواوی مەبەستەکانی بەندە لەبەر چاو گیراوە ، لە هەموو سەردەمە جیاوازەکانەوە ، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین بەڵگەی بەهێز لەسەر ئیعجازی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام ، چونکە شان بە شانی هۆکارو ئامانـــــجە ویستراوەکانی مرۆڤ داڕێژراوەو لێی جیا نابێتەوە .

## بەشی دووەم

## واقعیەتی حوکمەکانی ئیسلام.

حوکمەکانی ئیسلام لە میانەی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکان لە دیدی مەقاسیدەوە خاوەنی سیفەتی واقعیەتن ، واتە بە ڕەچاو کردنی رازوو مەبەستە مەقاسیدیەکان ، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و حوکمە شەرعیەکان ، ریککەوتەی هەموو سەردەمێکن ، لە تێکرای بوارە جیاوازەکانی ژیان لە پەرستش و سیاسەت و ئابووری و کلتوری و فەرهەنگی ، فەرمانەکانی خوای گەورە لە هەموو چەرخێکی زەمانەوە هەموو ئەو مەبەستانە رائەگرن کە مرۆڤەکان بە دوایدا وێڵن و پێویستن بۆ بەختەوەری ، خوای گەورە دەفەرموێت:[إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ](سورە النحل٩٠). ئیـــــمامی ئیبن عاشور لە راڤەی ئەو ئایەتـــــــەدا دەڵێت: " کاتێك کە ئەو قورئـــــــانە هاتە خوارەوە، بە ڕوونکردنەوەو ڕێنمایی و میهرەبانی پێویست بۆ هەموو شتێك ڕێگەی خۆش کرد بۆ موسوڵمانان کە بنەمای شەریعەت لە هەموو شتێك بزانن، ئەو ئایەتە کۆکەرەوەی تەواوی بنەماکانی شەریعەتە، چونکە تێیدا فەرمان کراوە بە دادپەروەری، بێگومان ئەوەش بریتیە لە پێدانی ماف بە خاوەنەکەی و پاراستنی تێکرای هاوکێشە گشتیەکان لە تێکرای بوارەکانی پەرستش و کۆمەڵایەتی و رامیاری"(١٣).

لەو ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە هەموو ئەو هەڵس و کەوتانەی بە چاك داناوە کە مەبەست و ئەنجامی باشی هەبێت لە پاراستنی خودی بکەرو کەسی بەرامبەر ، وە هەموو ئەو هەڵس و کەوتانەشی بە خراپ داناوون و قەدەغەی کردوون کە بە جۆرێك سەربکێشێت بۆ شێواندنی نەخشەی بکەرو ، لەبەر چاو نەگرتنی سنوری بەرانبەر .

هەروەها ئیمامی عزی کوری عبدوالسەلام لە دەربارەی ئەو ئایەتدا دەفەرموێ " هي أجمع آية في القرآن للحث على المصالح كلها والزجر عن المفاسد بأسرها إن الألف واللام في العدل والإحسان للعموم والاستغراق ، فلا يبقى من دق العدل وجله شيء إلا اندرج فيها ولا يبقى من دق الإحسان وجله شيء إلا اندرج في أمره بالإحسان ، والعدل هو التسوية والإنصاف، والإحسان : إما

جلب مصلحة أو دفع مفسدة وكذلك الألف واللام في الفحشاء والمنكر والبغي عامة مستغرقة لأنواع الفواحش ولما يذكر من الأقوال والأعمال . وأفرد البغي – وهو ظلم الناس – بالذكر مع اندراجه في الفحشاء والمنكر للاهتمام به"(١٤).

واتــــە : ئەو ئايەتە كۆترين ئايەتە بۆ هاندان لەسەر بەرژەوەندى گشتى ، وە دوور كەوتنەوە لە تاوانكارى و خراپەركارى بە گشتى ، ئەو ئەليف و لامەى كە كەوتۆتە سەر(عدل ) وە (احسان ) واتاى گشتى دەدەن ، بە جۆرێك دادپەروەرى هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە سەرئـەنجاميان پاراستنى ئەو چەمكەيە، وە هەروەها هەموو ئەو رێگايانەش دەگرێتەوە كە چاكەن و چاكە بەرهەم دێنن، دادپەوەرى بريتيە لە يەكسانى و ويژدان، وە چاكەش بريتيە لە راكێشانى بەرژەوەندى يان دورخستنەوەى ، بە هەمان شێوە ئەو ئەليف و لامەى چۆتە سەر (بغى) وە (منكر) واتــاى گشتى دەدەن بە جۆرێك هەموو ئەو هەڵس و كەوتە كردەيى و ووتانە دەگرێتە كە خراپەن و خراپەكارى پىَ بلاَ دەبێتەوە، لە دەقى ئايەتەكە " بغى " جياكراوەتەوە بۆ زياتر گرينگى و بايەخ پێدانى.

هەر لەو ئايەتە پيرۆزەدا چەمكى واقعى بوون زۆر بە روونى دەخوێنينەوە ، چونكە لە هەموو دەورو زەمانێكدا تێكراى ئەو نواندنانەى كە مرۆڤ پەناى بۆ دەبات ، لە دوو جۆرن :

**يەكەميان** : ئەو شتانەن كە گۆرانكاريان بەسەردا نايەت، واتە لە سەرەتاى بوونى مرۆڤايەتيەوە تاكو ئەمرۆ چەند شتێك هەن كە بوونيان هەر باشە و لە سنورى بەرژەوەندى دەرناچێت ، وەكو دادپەروەرى و ئازادى ...هتد ، وە چەند شتێك هەن هەر خراپە بوون و خراپەشى لىَ بلاَو دەبێتەوەو مرۆڤى خاوەن ويژدان هيچ كات لێيان نزيك نابێتەوە ، وەكو دزى كردن و داوێن پيسى .

ئەو شتانە گۆرانكاريان بەسەردا نايەت و لە دەقەكانى قورئاندا بە روونى باسيان لێوە كراوە مرۆڤ لە هەر ئاستێك بێت و لە هەر زەمانێكدا بگوزەرێت ، ئەوا حوكمى ئەو شتانە لە دروستى و نادروستيەوە يەك فۆرمى وەرگرتوە لە حاڵەتە ئاساييەكاندا .

**دووەميان** : ئەو شتانەن كە پەيوەستن بە كلتورو فەرهەنگى جۆراجۆرى نەتەوەكان و زمان و سروشتە جياوازەكان ، حوكمى ئەو هەڵس و كەوتانە پەيوەست ئەبێت بەو سەردەمەو ، پابەند بوون پێيانەوە هيچ پێچەوانەى حيكمەتى ئايەتەكانى قورئان نابێت ، بە مەرجێك ياسا گشتيەكانى شەريعەت پارێزراو بن .

لێرەدا بە روونى دەر ئەكەوىَ ئەو بانگەشانەى باس لەوە ئەكەن ، گوايە شەريعەتى ئيسلام كۆن بوەو كەڵكى سەردەمى ئەمرۆى نەماوە ، وە دوورە لە رەهەندەكانى پێشكەوتن و راگرتنى هاوكێشەى شارستانيەتى ئەمرۆ ، هەموويان بە تاڵن و دوورن لە راستى و دروستيەوە ، چونكە واقع ئەوەى سەلماندوە تێروانينى مەقاسيدى بۆ دەقەكانى ئاين ، بەتايبەتى

قورئان و حوكمە شەرعیەكانی ، پێویسترین هۆكارن بۆ پێشكەوتن و شیكردنەوەی سەرجەم پیشهاتە نوێكان، ئەوەش لایەنێكی ترە لە ئیعجازی قورئانی پیرۆز .

## بەشی سێیەم

## عەقلانیەتی حوكمە شەرعیەكان

دوای بەدواداچونی دەقەكانی قورئانی پیرۆز، بە روونی دەردەكەوێت تا چ ئەندازەیەكی فراوان گرینگی دراوە بە عەقلی مرۆڤ و رەهەندی بیركردنەوە ، ئەوەش جگە لەوەی كە ئاماژەی راستەوخۆیە بۆ گەورەیی پێگەی عەقل و بیركردنەوە لە ئیسلامدا ، ئاماژەشە بۆ جۆراجۆری لە زانست و تەكنولۆژیا ، وە گەشە سەندن لە ژیان ، وە پێشكەوتن لە شارستانیەت ، چونكە بیركردنەوەو پێشكەوتن دوو چەمكی پێكەوە بەستراون و هەرگیز لەیەكتر جیا نابنەوە ، هەر كاتێك بیر لە شتێك بكەینەوە – پالپشت بە تێراونینی مەقاسیدی بۆ دەقەكانی قورئان – لەسەر ئاستی تاك بێت یان كۆمەڵ ، ئەوا راستەوخۆ ئەتوانین بگەین بە پێناسەو چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو شتە .

ئەوەش دەچێتە بواری رێز گرتنی خوای گەورە لە كەسایەتی مرۆڤ و بە بەرز راگرتنی ، بە جۆرێك تێكرای ئامرازەكانی بۆ رەخساندوە ، تا بتوانێت برەو بە عەقل و ژیرو فكری خۆی بدات و ، لە سۆنگەیانەوە دەوری خۆی بگێرێت لە تێكرای مەیدانەكانی ژیان ، بەمەش دەتوانین گومانێكی تری ناحەزان برەوێنینەوە كە ئەڵێن " شەریعەتی قورئان بینا كراوە لەسەر تەسلیم بوون و جێ بە جێكردن تەنها ، بە بێ ئەوەی هیچ بایەخێك بۆ عەقل و بیری مرۆڤ دانرابێت " .

چونكە دەتوانین لە وەلامیاندا بلێین ، ئەوەی ئێوە سەیری دەكەن تەنها روكەشی دەقەكانــە بەلام ئەگەر بە دیدێكی مەقاسیدی و مەبەستەوە تێروانین بكەین بۆ دەقەكانی قورئان و حوكمە شەعیەكان ئەوا زۆر بە روونی دەردەكەوێت كە ئیسلام لە دارشتنی دەقەكانیدا ، پێچەوانەی مەبەستە ویستراوەكانی مرۆڤ نیە ، بەڵكو لە هەندێ بـــواردا فەرمانی كردووە كە مرۆڤ مل كەچ بێت – وەكو ئەو فەرمانانەی كە پەیوەستن بە پەرستشەوە – ، ئەوەش لەبەر هۆكاری رزگار بوونە لە ملكەچی بۆ بەندەكان ، بەلام لە بوارەكانی تردا – وەكو كرین و فروشتن و بواری دەوڵەتداری و رامیاری و ...هتد – تەنها بنەمای گشتی دارشتووە بە مەبەستی پاراستنی مافی خەڵك لە شێواندن ، ئەگینا تەواوی وردەكاریەكانی تری بۆ عەقل و ژیر و بیری مرۆڤ جێهێشتوە ، بۆ نموونە لە بواری دەوڵەتداریدا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا تەنها هێڵە گشتیەكانی دیاری كردوە ، واتە ئەبێ و پێویستە رامیاری و سیستمی بەرێوەبردنی دەوڵەت هەر یەكە لە " شورا ، دادپەروەری ، یەكسانی ، ئەخلاقیەت " تێدا بێت بە مەبەستی پاراستنی مافی هاولاتیان بە گشتی بەلام تێكرای وردەكاریەكانی تر كە ئەو بوارەی

پێ سەرکەوتوو ئەبێت و ئەو مافانەی پێ دابین ئەکرێت ، بە جێهێڵدراوە بۆ مرۆڤەکان (١٥) .

بێگومان بەمەش لایەنێکی تری گەورەیی و ئیعجازی قورئان دەرئەکەوێت ، چونکە هەموو عەقڵێك لە هەر ئاستێك و زەمانێك بێت ئەتوانیت بە بەپێی فراوانی و قوڵی خۆی حیکمەت و ڕێنمایی لە دەقەکانی قورئان وەرگرێت ، بەبێ ئەوەی مەشخەڵە بنەرەتیەکە بشێوێت .

## بەشی چوارەم

## هەمەلایەنی و گشتگیـری دەقەکانی قورئان

زۆر بە گرینگی زانراوە لە دیندا ، کە شەریعەتی ئیسلامی هاتوە بە فۆرمێکی زۆر گشتی و هەمەلایەنە بۆ تێکرای مرۆڤایەتی ، چونکە کۆتایی پەیامە ئاسمانیەکانە ، هەربۆیە پێویستە تێکرای مەبەستەکان بگرێتەوەو سەرجەم شوێنە جیاوازەکان کۆبکاتەوە .

بەڵگەی زۆر هەن لەسەر ئەو راستیە ، لەوانە :

– خوای گەورە دەفەرموێ: [ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ] (سورة الانبياء ١٠٧) واتە ئێمە تۆمان ناردوە وەکو میهرەبانی نەبێت بۆ هەموو جیهانەکان، بە جۆرێك هەموو مرۆڤایەتی لە هەموو ئاستەکان و رەنگ و دەنگە جیاوازەکان ئەگرێتەوە ، میهرەبانی لە حوکم و جێبەجێکردن و سزا و پاداشت بۆ هەموو زەمانە جیاوازەکان بە دەقێك دارێژراوە، کە ئەگەر بە چاوێکی مەقاسیدی و مەبەستدارەوە سەیر بکرێت هیچ ئەرکێکی بەدەر لە توانا ، ناخاتە سەر شانی مرۆڤەکان و ئاستەنگیان بۆ دروست ناکات .

– هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: [ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ]( سورة الأعراف ١٥٨ ) واتە : ئەی پەیامبەر بانگی خەڵکی بکەو پێیان بڵێ ، من پەیام هێنەری خودام بۆ ئێوە بەگشتی ، لە وشەی ( اليكم ) و ( جميعاً ) زۆر بە روونی دەردەکەوێ کە پەیامبەریـــەتی محمد ( د.خ ) بۆ هەموو مرۆڤایەتیە .

ئەو ئایەتە پیرۆزە چەندین پەیامی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەرئەخات ، لەوانە :

١– کاتی کە پەیامهێنەر بۆ هەموو مرۆڤایەتی ناردراوە ، واتای ئەوە ئەگەیەنێت کە ئاینەکەی و کرۆپکی دەقەکانی ، بۆ هەموو مرۆڤەکانە ، بە بێ جیاوازی زمان و کلتورو فەرهەنگ و ..هتد ، لێرەدا نە عەرەبێك رێزی زیاترە لە کوردێك ، وەنە کوردێك رێزی زیاترە لەسەر هیندیەك یان هەر نەتەوەیەکی تر بێت .

٢– ئەبێ نهێنیەك هەبێت لەو دەقانەی کە ئەو پەیامبەرە هێناویەتی ، بە جۆرێك ناوەرۆکەکەیان هەموو ئەو کلتورو بۆچوون و فەرهەنگە جیاوازانە بگرێتەوە هەر لە روژی هاتنی ئەو شەریعەتەوە تاکو دنیا ئەمێنێ ئەوەش بێگومان بەشێك لەو نهێنیە ئەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی مەقاسیدی و ئەو هۆکارو حیکمەت و مەبەستانەی کە دەقەکانی لەسەر دارێژراوەو ، لەبەر چاو ئەگیـرێن لەکاتی جێبەجێکردنیان .

ئا لێرەوە دەرئەکەوێت کە دارشتنی دەقێکی حوکمی شەرعی بۆ هەموو سەردەمێك بە بێ جیاوازی ، یەکێکە لە گەورەترین موعجزەکانی

ئەو قورئانە پیرۆزە ، چونكە لە توانای هیچ حەكیمێك و زانایەك نییە ، دارشتنی دەقێك بۆ چەندین نەتەوەی جیاوازو ، بۆ چەندین سەدە .

ئــەوەی راســتی بێــت ، بەشــێكی زۆری گومــانی رۆژهەلاتناسان و دواكــەوتوەكانیان ، ئەگەرێتــەوە بۆ چەمكی " هەمەلایەنەی شەریعە " ئەمە لە لایەك ، لە لایەكی تـر بەشـێكی زۆری موسـولـمانانیش بــەردەوام ئــەو چــەمكە دەنوســنەوەو دەلێنــەوەو دەخوێننـــەوە ، بـــە بـــێ ئـــەوەی توانیبێتیـــان چۆنیەتیەكەی بە شێوازێكی ئەكادیمی و مەیدانی و بابەتی روون بكەنەوە ، لێرەوە ئیمامی ئیبن عاشور لەو روونكردنەوەیەدا دوو چۆنیەتی دەخاتە روو ، هەروەكو دەلێت :

" الكيفية الأولى : أن هذه الشريعة قابلة بأصولها وكلياتها للإنطباق على مختلف الأحوال ، بحيث تسـاير أحكامهـا مختلـف الأحـوال دون حـرج ولا مشقة ولا عسر.

الكيفية الثانية : أن يكون مختلف أحوال العصور والأمـم قـابلاً للتشـكيل وفـق أحكـام الإسـلام دون حرج ولا مشقة ولاعسر ، كما أمكن تغيير الإسلام لبعض أحوال العرب والفرس والقبط والبربر والروم والتتار والهنود وأهل الصين والترك ، من غير أن يجدوا حرجاً ولا عسراً في الإقلاع عما نزعوه من قديم أحوالهم الباطلة ، ومن دون أن يلجؤوا الى الإنسـلاخ عمـا إعتـادوه وتعـارفوه مـن العوائـد المقبولة.

وهاتان الكيفيتان متآيلتان ، وقد جمعهما معاً مغزى قولـه تعـالى : [ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ] (سورة الحج ٧٨ )"(١٦)

واتە :

چۆنیەتی یەكەم : ئەو شەریعەتە بە تێكرای بنەماكانیەوە ئامادەیە بۆ جێبەجێكردن لە سەر رەوشە جیاوازەكان ، بە جۆرێك حوكمەكانی هەموو رەوشە جیاوازەكان ئەگرێتەوە بە بێ ئاستەنگ و زەحمەتی .

چۆنیەتی دووەم : بە بێ ئاستەنگ و زەحمەتی ئەكرێت تێكڕای رەوشە جیاوازەكانی گشت سەردەمەكان و نەتەوەكان ، دابرێژرێت بە پێی حوكمەكانی ئیسلام ، هەروەكو ئەكرێت ئیسلام زۆرێك لە عادەت و كلتوری عەرەب و فارس و قبتی و بەربەری و رۆم و هیندیەكان و سین و تورك بگۆرێت ، بە بێ هیچ زەحمەتی و مەیەنەتێك لە دوركەوتنەوەیان لەو كلتورە خراپانەی كە خوویان پێوە گرتوە ، وە راهەتنیان لەسەر ئەو كلتورو عادەتانەی كە بەلایانەوە پەسند بوون .

ئەو دوو چۆنیەتیە بەیەكەوە لەو ئایەتە كۆدەبنەوە كە خوای گەورە دەفەرموی : ئێمە هیچ شتێكی دینمان لەسەر ئێوە بە ئاسەتەنگ نەگێراوە.

واتە لە دارشتنی تێكڕای حوكمە شەرعیەكان، رەچاوی كلتورو عادەت و رەوشە جیاوازەكان كراوە بۆ تێكرای نەتەوەكان و لە هەموو سەردەمە جۆراجۆرەكان ، بەمەش ئاسانكاری و روپامایی دەبنە دوو ئاكاری زۆر

دیارو روونی حوکمە شەرعیەکان ، چونکە هیچ نەتەوەیەك لە جێبەجێکردنی ئەو دەقانە زەحمەتی نابێنێت و ، بە پێچەوانەی مەبەستەکانیان لە چاکەو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی ، نایانبات .

## بەشی پێنجەم

## چەند نموونەیەك لە تێڕوانینی ئامانجەکان بۆ دەقەکانی قورئان و حوکمە شەرعیەکان

تێکڕای حوکمە شەرعیەکانی ئیسلام، لەسەر بنەمای حیکمەت و مەبەست و هۆکارەوە داڕێژراوە، هەندێ لەو هۆکارانە دیارو ئاشکران، وە هەندێکیان لە سەرئەنجامی بیرکردنەوەو بەدواداچووندا دەرکەوتوون، بەڵام هەندێکی تریان تاکو ئێستا بە دەر نەکەوتوون، بەڵکو پێویستیان بە بیرکردنەوەی زیاترو قوڵتر هەیە بۆ دەرخستنی هۆکارو حیکمەتەکانی، لەو بەشەدا چەند نمونەیەك دێنینەوە لەسەر تێڕوانین مەقاسیدی بۆ دەقەکانی شەریعەت و حوکمەکانی قورئانی پیرۆز کە لە لایەن پەیامبەرو یاوەرانیەوە رەچاو کراوەو، ئەمەش ئەبێتە وانەیەکی گەورە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەقەکانی شەریعەت لە لایەك و، لە لایەکی تر ئیعجازی ئەو دەقانە دەردەکەوێت، چونکە ئەتوانرێت بە چەند شێوازێکی جیاواز دەقەکان جێبەجێبکرێن .

### یەکەم : لە بواری پەرستشدا /

نوێژکردن یەکێکە لە گرینگترین فەرمانەکانی خوای گەورە کە لە تێکڕای بەندە موسوڵمانەکان داواکراوە، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:[وَأَقِمِ الصَّلَاةَ](سورة هود ١١٤) واتە : نـــوێژ بکە . بێگومان ئەوەش هۆکارو حیکمەت و مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە ، لەوانە بەندایەتی کردنە بۆ خوای گەورەو یاد کردنیەتی ، وە دان نانە بە بێ هێزی بەندەکان لە ئاست هێزو دەسەلات و حیکمەت و میهرەبانی خوای گەورە ، خوای گەورە دەفەرموێت : [ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي ](سورة طه ١٤) واتە : نوێژ بکە بۆ ئەوەی یادی من بکەیت .

لە چۆنیەتی راپەڕاندنی ئەو فەرمانە لە فەرموودەکانی پەیامبەر چەندین جۆر هاتوە ، بە رەچاو کردنی رەوشی مرۆڤەکە ، کاتی کە لە ماڵەوە بێت ، یان لە سەفەر ، وە کاتی کە ساغ و سلامەت بێت ، یان نەخۆش و لاواز ، لە هەر یەکێك لەو حاڵەتانەدا موسوڵمان ئەتوانێت بە جۆرێکی جیاواز ئەو پەرستشە ئەنجام بدات، هەروەکو لەو فەرموودانەدا هاتوە :

- يقول النبي ( ص ) لعمران بن الحصين: " صلِّ قائماً ، فإن لم تستطع فقاعداً ، فإن لم تستطع فعلى جَنْبٍ "(١٧). واتە پێغەمبەر(د.خ) دەیووتە عیمرانی کوری حەصین : بە پێوە نوێژ بکە ، ئەگەر بۆت نەکرا بە دانیشتن بیکە ، ئەگەر بۆت نەکرا لەسەر پشت بیکە .

بەو فەرموودە دەرئەکەوێ کە ئەنجامدانی نوێژ ئەرکێکی سەخت دروست ناکات لەسەر بەندەکان بەڵکو ئەتوانن بەهەر سێ شێوازەکە ئەنجامی بدەن ، گرینگ ئەوەیە بەندایەتی و یادی خودا ئەنجام بدەن .

- عن ابن عباس رضي الله عنه «أنَّ الله عزَّ وجلَّ فرض الصلاة على لسان نبيكم – صلى الله عليه وسلم على المقيم أربعاً، وعلى المسافر ركعتين، وعلى الخائف ركعة»(١٨)واته: خوای گەورە نوێژی واجب کردوە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەتان، لەسەر ئەو کەسەی لە ماڵەوەیە – بۆ نوێژە چوار رکعاتەکان – ئەبێ چوار رکعەت بکات، بۆ گەشتیار بۆی هەیە دوو رەکعەت بکات. ئەوەش ئاسانکاریەکی تر لە شەریعەتی ئیسلام ئەو نوێژانەی کە چوار رەکعەتن وەکو نیوەرۆ و عەسر و عیشا، بۆ نوێژ کەر هەیە دوو رکعت ئەنجام بدات کاتی لە گەشت بوو، وە تەنها یەك رکعەت لەسەر ئەو کەسەیە کە لە بەرامبەر ترسی شەرکردندایە .

– وعن أنس بن مالك رضي الله عنه قال « كان رسول الله – صلى الله عليه وسلم – يجمع بين الظهر والعصر، والمغرب والعشاء في السفر»(١٩)

واته کاتێ پێغەمبەر لە سەفەر دەبوو ، هەردوو نوێژی نیوەرۆ و عەسری پێکەوە دەکرد، وە نوێژی رۆژئاواو عیشای پێکەوە دەکرد .

ئەوەش ئاسانکاریەکی تر بۆ ئەنجامدانی نوێژکردن، بە جۆرێك نوێژکەر کاتی لە سەفەر بێت، دەتوانێ دوو نوێژ پێکەوە کۆ بکاتەوەو لەیەك کات ئەنجامیان بدات.

ئەو فەرموودانە مشتێکن لە خەروارێکی پڕاو پڕ، کە سەلمێنەری راستەقینەن بۆ رەچاو کردنی رەوشی بەندە لە ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوای گەورە.

## دووەم : پێدانی خێر بە "المؤلفة قلوبهم " .

بە پێی ئایەتی ژمارە (٦٠) ی سورەتی (التوبة ) : [ إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ .... ] . واته : خێر ئەدرێت بە هەژارو کەم دەرامەت و ئەوانەی کاری لەسەر دەکەن و ئەوانەی کە تازە موسڵمان ئەبن و پێویستە دڵنەواییان بکرێت .

لەسەر دەمی پێغەمبەر خیرات ئەدرا بە چەندین لەو کەسانەی کە موسڵمان بونیان زۆر گرینك بوو بۆ پەیدابوونی هێزو دەسەلاتێکی زیاتر بۆ موسڵمانان، ئەو کەسانە لەسەردەمی ئیمامی ئەبوبەکریش (ر. خ) هەر پێیان ئەدرا، بەلام لەسەر دەمی خەلافەتی ئیمامی عومەردا (ر.خ)، ئیتر هیچی تر پێیان نەدرا هەرچەندە کارەکەی ئیمامی عومەر پێچەوانەی دەقی ئایەتەکە بوو، بەلام لە راستیدا ئیمامی عومەر روکەشی ئایەتەکەی وەرنەگرتوە، بەڵکو مەبەست و ناوەرۆك و حیکمەتی ئایەتەکە تێگەیشتبوو، کە بریتی بوو لەوەی لەسەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەی یەکەم، موسوڵمانان پێویستیان بە هێزوو دەسەلاتی زۆر هەبوە بۆیە لەو کاتەدا گرینگ بوو، ئەو کەسانە برێکی دیاریکراوی خێریان پێ بدرێت بۆ سەرنج راکێشانیان و زیاتر رێز گرتنیان. بەلام ئەو مەبەست و حیکمەتە لە سەردەمی ئیمامی عمر بونی نەما، چونکە موسوڵمانان بەهێز بوون و ئیتر پێویستیان بەوە نەبوو کە چیتر بە خیـــرات دڵی ئەو کەسانە بۆ ئیسلام رابکێشن (٢٠).

ئەو کارەی ئیمامی عومەر بریتیە لە خوێندنەوەو تێروانینی مەقاسیدی و مەبەست بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە.

**ئەنجـــــــــــام**

لە کۆتایدا توێژەر توانی لە میانەی لێکۆڵینەوەکەی بگات بەو ئەنجامانەی خوارەوە :

١. ئامانجەکانی شەریعەت عەقڵی مرۆڤ دەروژێنێت تا لە مەیدانی کردەییدا بەرژەوەندی و خراپەکاری جیا بکاتەوە .

٢. خوێندنەوەی ئامانجەکان بۆ دەقەکانی قورئان، یەکێکە لە موعجیزەکانی قورئانی پیرۆز، چونکە تەنها بە دەقێکەوە ئەتوانرێت، چەندین کلتورو فەرهەنگی جیاجیا بخوێندرێتەوە.

٣. مرۆڤی خاوەن هەست و نەست و کەسایەتی دروست دەکات و هەست بە بوون و گەورەیی خۆی دەکات لە میانەی هاتنی دەقەکان .

٤. مرۆڤ دەتوانێت بە چەمکی مەقاسیدەوە قوڵتر راڤەی دەقەکان بکات و دوورتر ببینێت و چاکتر هەست بە سۆزی پەروەردگار بکات بەرامبەر بە بەندەکانی .

٥. گونجاوی دەقەکانی قورئان دەسەلمێنێت بۆ هەموو سەردەم و کاتێکی جیا لە یەکتر .

٦. گونجاوی دەق دەسەلمێنێت بۆ تێکرای کلتورە جیاکان و بە تاڵ کردنەوەی چەندین گومانی نادروست و نارەوا بەرامبەر بە قورئانی پیرۆز .

٧. دان پیانانە بە عەقلی مرۆڤ کە توانای هەیە کەمێ لە یاساو رێسای ژیانی خۆی دابرێژێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی و چەسپاودا .

٨. جگە لە مەیدانی پەرستشدا ، لە مەیدانەکانی تردا مرۆڤ دەتوانێت ئەسپی خۆی تاو بدات و رێزداری خۆی بسەلمێنێت .

٩. لە ئاینی ئیسلامدا پابەند نەکراوین بە شوێنەکەوتەی تاکە رێگەیەك بۆ دەست کەوتنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری دەروونی و دەرەکی، بەڵکو دەرگا والآ کراوە بۆ دۆزینەوەو دەستکەوتنی چەندین رێگەو رێچکەی تر کە بمانگەیەنێتە هەمان ئامانج .

**پەراوێزەکان**

١- بڕوانە : الصحاح للجوهری ، چاپەمەنی : دار الکتاب العربی – مصر ، بەشی ١ / ل ٥٢١ . و القاموس المحیط للفیروز آباد ، چاپەمەنی : دار الرسالە – بیروت ، چ : دووەم / ١٩٧١ز ، ل ٣٩٦ . و لسان العرب ، محمد بن مکرم بن منظور ، چاپەمەنی : دارصادر – بیروت ، بەشی ٣/ ل ٣٥٣ .

٢- بڕوانە : مقاصد الشریعە الاسلامیە ، د . زیاد محمد ، چاپەمەنی : دەزگای ناشرون / بیروت ، چ : یەکەم / ٢٠٠٨ م ، ل ١٦ – ١٧ .

٣- بڕوانە : مصالح الإنسان مقاربە مقاصدیە ، عبد النور بزا ، چاپەمەنی : المعهد العالی للفکر الإسلامی – الولایات المتحدە الامیرکیە ، ژمارەی چاپەمەنی : یەکەم / ٢٠٠٨م ، ل٣٦– ٣٩ .

٤- بڕوانە : مقاصد الشریعة واثرها في الجمع والترجیح بین النصوص ، یمینة ساعد ، چاپەمەنی : ابن الحزم / بیروت چ : یەکەم / ٢٠٠٧ز ، ل ٦٧– ٧٠ .

**٥- بڕوانە** : الموافقات في اصول الشريعة ، الامام ابراهيم بن موسى اللخمي الشاطبي ، **چاپەمەنی : دار الكتاب العربی / بـيروت ، چ / ٢٠٠٨ز ، ل ٢٠٤ – ٢٠٥** . نظرية المقاصد عند الامام محمد بن طاهر عشور ، اسماعيل الحسني ، **چاپەمەنی : پەیمانگای جیهانی / ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، چ : دووەم / ٢٠٠٥ ز ، ل ٣٦٩ .**

**٦- بڕوانـە** : مقاصد الشريعة الاسلامية ، محمد بن طاهر بن عاشور ، **پێداچوونەوەی : ابن الخوجـە ، چـاپەمەنی : وەزارەتـی ئـەوقاف / قەتـەر ، سـاڵی بلاْوکردنـەوە : ٢٠٠٤ ز ، ٢ / ١٢٤ .**

**٧- ئەو فەرموودەیە داود روایەتی کردوە ، چـاپەمەنی : دار الفكر / بيروت ، بەشی ٢/ل ٢٣٧ .**

**٨- بڕوانـە** : نظرية المقاصد عند الامام الشاطبي ، الدكتور أحمد الريسوني ، **چـاپەمەنی : دار الكلمـە / مصـر ، چ : یەکـەم / ١٩٩٧ز ، ل ٢٣- ٢٨ . مقاصـد الشـريعە بابعاد جديدە ، الدكتور عبد المجيد النجار ، چـاپەمەنی : دار الغرب الاسلامی / بيروت ، چ : دووەم / ٢٠٠٨ز ، ل ٢١ – ٢٤ .**

**٩- بڕوانە : مقاصد الشريعە الاسلاميە ، زياد محمەد ل ٧٥-٨٠ ، ٢٢٣-٢٢٥ ، ٢٣٨- ٢٤٠** . نظريـــــة المقاصد عند الامام الشاطبي ، **د . احمەد ريسونی ل ١٣٦ .**

**١٠- مقاصد الشريعە الإسلاميە ، ابن عاشور ، ل ١٥٩ .**

**١١-** شـفاء العليـل في مسـائل القضـاء والقـدر والحكمـة والتعليل ، إبن القيم الجوزي ، تحقيق : محمد بدر الدين أبو فراس النعساني الحلبي ، **چاپەمەنی : دار الفكر – بيروت ، ساڵی بلاْوکردنەوە** : ١٩٧٨ م ، ل ١٩٠ .

**١٢- مفتاح دار السعادە ومنشور ولايە العلـم والإرادە ، إبن القيم الجـوزی ، چـاپەمەنی** : دار الكتب العلمية – **بيروت ، بەشی ٣ / ل١١٦ .**

13- ينظر : **التحريـر والتنـوير** للشـيخ محمـد الطـاهر بـن عاشور ، **چاپەمەنی : دار سـحنون لـلنشـر والتوزيـع – تونس ، ساڵی بلاْوکردنەوە : ١٩٩٧ م ، بەشی ١٤/ل ٢٥٤ .**

**١٤-** قواعـد الأحكـام في مصـالح الأنـام ، عزالـدين بـن عبـد السـلام ، **بەدواداچـــوونی** : طـه عبـد الـرؤوف سـعيد **چاپەمەنی : دار الجيل– بيروت ، ژمارەی چاپ : ٢ / ١٩٨٠م ، بەشی ٢/ ل ١٦١ .**

**١٥- بڕوانـــە : الـوعي المقاصـدي – قـراءة معاصـرة للعمـل بمقاصد الشريعة في مناحي الحياة –** دكتۆر مسفر بن علي القحطاني ، **چاپەمەنی** : الشبكة العربية للأبحاث والنشر – بيروت ، **ژمـارەی چاپ : یەکەم / ٢٠٠٨م ، ل٦١-٦٣ .**

**١٦- مقاصد الشريعە الإسلاميە ، ئیمامی ئیبن عاشـور ، ل ٢٧٤-٢٧٥ .**

**١٧- الجامع الصحيح المختصر ناسـراو بـە ( صـەحيحی بخاری )، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاری الجعفـی ، تحقيق : د.** مصطفى ديب البغا **چاپەمەنی : دار ابـن كـپير – بيروت، ژمارەی چـاپ : ٣ / ١٩٨٧ ، ژمـــارەی فەرموودە ( ١٠٦٦ ) ، جزئی ١/ ل ٣٧٦ .**

**١٨- الجامـع الصـحيح المسـمى ناسـراو بـە ( صـحيح مسلم )، أبـو الحسـين مسـلم بـن الحجـاج بـن مسـلم القشـيری النيسـابوری ، چـاپەمەنی : دار الجيـل – بـيروت، ژمـارەی فـەرموودە ( ١٦٠٨ ) ، جزئـی ٢/ل١٤٣ .**

**١٩-** سـنن أبي داود ، أبـو داود سـليمان بـن الأشـعث السجستاني ، **چـــاپەمەنی : دار الكتـاب العربـی –– بـيروت، ژمـارەی فـەرموودە ( ١٢٠٨ ) ، جزئـی ١/ ل٤٦٧ .**

**٢٠- بڕوانە** : السياسة الشرعية في ضوء نصوص الشريعة ومقاصدها ، دكتور يوسف قەرزاوي ، **چـــاپەمەنی :**

مۆسسه الرساله – بیروت ، ژمارەی چاپ : ١ / ٢٠٠١م ، ل ١٥٧ – ١٧١.

## لیستی سەرچاوەکان


دوای قورئانی پیرۆز

١. **التحریر والتنویر** للشیخ محمد الطاهر بن عاشور ، **چاپەنەنی** : دار سحنون للنشر والتوزیع – تونس ، **سالّی بلاّوکردنەوە** : ١٩٩٧ م .

٢. **الجامع الصحیح** المسمی ناسراو به ( صحیح مسلم ) ، أبو الحسین مسلم بن الحجاج بن مسلم القشیری النیسابوری، **چاپەمەنی** : **دار الجیل – بیروت.**

٣. **الجامع الصحیح المختصر ناسراو بە ( صەحیحی بخاری )** ، **محمد بن إسماعیل أبو عبدالله البخاری الجعفی** ، **تحقیق** : د. مصطفی دیب البغا ضاڤةمةني : **دار ابن کپیر – بیروت ، ژمارەی چاپ : ٣ / ١٩٨٧.**

٤. **سنن أبی داود** ، أبو داود سلیمان بن الّشعپ السجستانی ، **چاپەمەنی** : دار الکتاب العربی ـ بیروت .

٥. **السیاسة الشرعیة فی ضوء نصوص الشریعة ومقاصدها** ، **دکتور یوسف قەرزاوی** ، **چاپەمەنی** : مۆسسه الرساله – بیروت ، **ژمارەی چاپ : ١ / ٢٠٠١م** .

٦. **الشریعه الاسلامیه** ، **د . زیاد محمد** ، **چاپەمەنی : دەزگای ناشرون / بیروت ، چ : یەکەم / ٢٠٠٨ م**

٧. شفاء العلیل في مسائل القضاء والقدر والحکمة والتعلیل ، إبن القیم الجوزي ، تحقیق : محمد بدر الدین أبو فراس النعساني الحلبي ، **چاپەمەنی : دار الفکر – بیروت ، سالّی بلاّوکردنەوە** : ١٩٧٨ م .

٨. **الصحاح للجوهری** ، **چاپەمەنی : دار الکتاب العربی – مصر .**

٩. قواعد الأحکام في مصالح الأنام ، عزالدین بن عبد السلام ، بەدواداضووني : طه عبد الرؤوف سعید **چاپەمەنی : دار الجیل – بیروت ، ژمارەی چاپ : ٢ / ١٩٨٠م .**

١٠. لسان العرب ، محمد بن مکرم بن منظور ، **چاپەمەنی : دارصادر – بیروت ، بەشی ٣/ ل ٣٥٣** . القاموس المحیط للفیروز آباد، **چاپەمەنی : دار الرساله – بیروت ، چ : دووەم / ١٩٧١ز .**

١١. **مصالح الإنسان مقاربه مقاصدیه** ، **عبد النور بزا** ، **چاپەمەنی : المعهد العالمی للفکر الإسلامی – الولایات المتحده الّمیرکیه ، ژمارەی چاپەمەنی : یەکەم / ٢٠٠٨م**

١٢. **مفتاح دار السعاده ومنشور ولایه العلم والإراده** ، **إبن القیم الجوزی** ، **چاپەمەنی : دار الکتب العلمیه – بیروت.**

١٣. مقاصد الشریعة الاسلامیة ، محمد بن طاهر بن عاشور ، **پێداچوونەوەی : ابن الخوجه ، چاپەمەنی : وەزارەتی ئەوقاف / قەتەر ، سالّی بلاّوکردنەوە : ٢٠٠٤ ز .**

١٤. **مقاصد الشریعه بابعاد جدیده** ، **الدکتور عبد المجید النجار** ، **چاپەمەنی : دار الغرب الاسلامی / بیروت ، چ : دووەم / ٢٠٠٨ز .**

١٥. مقاصد الشریعة واثرها في الجمع والترجیع بین النصوص ، یمینة ساعد ، **چاپەمەنی : ابن الحزم / بیروت چ : یەکەم / ٢٠٠٧ز .**

١٦. الموافقات في اصول الشریعة ، الامام ابراهیم بن موسی اللخمي الشاطبي ، **چاپەمەنی : دار الکتاب العربی / بیروت ، چ / ٢٠٠٨ز .**

١٧. نظریة المقاصد عند الامام الشاطبي ، الدکتور أحمد الریسوني ، **چاپەمەنی : دار الکلمه / مصر ، چ : یەکەم / ١٩٩٧ز .**

١٨. نظریة المقاصد عند الامام محمد بن طاهر عشور ، اسماعیل الحسني ، **چاپەمەنی : پەیمانگای جیهانی / ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، چ : دووەم / ٢٠٠٥ ز .**

١٩. **الوعي المقاصدي – قراءة معاصرة للعمل بمقاصد الشریعة في مناحي الحیاة** – دکتۆر مسفر بن علي القحطاني ، **چاپەمەنی:** الشبکة العربیة للأبحاث والنشر – بیروت ، **ژمارەی چاپ : یەکەم / ٢٠٠٨م .**

# القرآءة المقاصـدية لنصـوص القرآن
## ( وجه آخر من إعجاز القرآن الكريم )

**الخلاصة**

هذه الوريقات محاولة لتقوية الصلة بين مفهومي مقاصد الشريعة الإسلامية والإعجاز القرآني لان مقاصد الشريعة الإسلامية علم يبحث عن الخفايا والأسرار التي تكمن من وراء النصوص المقدسة السماوية ، وهو يرمي الى كشفها واخراجها بصورة واضحة و جلية . بحيث يمكن بناء الاحكام عليها وايجاد الكثير من الحلول للقضايا الساخنة . وهذه المحتويات لا تخرج عن كونها طريقة معبَّدة ، ووسيلة نادرة من وسائل الكشف عن اعجاز القرآن الكريم ونصوصه المقدسة . لان من خلال مقاصد الشريعة نعلم بأن أحكام الشريعة الإسلامية خالدة الى يوم القيامة . وبأن نصوص القرآن الكريم بصيغها ومنطوقها ومفهومها ، تتلائم مع كافة الأعراف والعادات السائدة للأقوام المختلفة . وبإمكانها قرآءة المستجدات ومسايرة الأحداث شبراً شبراً . وفي النتيجة وصل الباحث الى أن أبعاد إعجاز القرآن الكريم ليست في موافقتها للحقائق العلمية وتأيده لما حدث من الخوارق العادات فقط . وإنما يمكن أن نقرر أن لمقاصد الشريعة الإسلامية رؤية واضحة وجلية لترسيخ فكرة العمومية والعقلانية والشمولية لنصوص القرآن الكريم . وأن المقاصد بكلياتها وجزئياتها صورٌ من صورِ إثبات المعجزات الآهية ، لاسيما إعجاز آيات القرآن الكريم خصوصاً والشريعة الإسلامية عموماً .

# Reading Almqasidih Koran
(Another vision of Ejaz-ul-Quran)

## ABSTRACT

**This leaves an attempt to strengthen the link between the concepts of the purposes of Islamic law and Quranic miracle, because the purposes of Islamic law science looking for subtleties and secrets that lie behind the heavenly scriptures, which is designed to detect and remove them and clear and obvious. So that judgments can be built upon and find a lot of solutions to hot issues. This content does not depart from being paved the way, and a means of rare and means of detecting Ijaz Koran and sacred texts. Because of the purposes of Shariah know that Shariah Khaleda to the Day of Resurrection. And that the texts Koran Besagha and operative concept, meets all the prevailing mores of different folks. They can read and keep pace with developments Shubra El events. As a result the researcher arrived that the dimensions of miracles of the Quran is not in the approval of the scientific facts and Taadh what happened only paranormal habits. But can decide that for the purposes of Shariah clear vision and clear to entrench the idea of public rationality and comprehensiveness of the texts of the Koran. And faculties destinations and fractions photo images to prove miracles Alahah especially Ijaz verses of the Quran in particular, and Islamic law generally.**